Home Office

# کۆیلایەتی مۆدێرن و کۆڤید_١٩: چاو بۆ چی بگێڕیت و چۆن یارمەتی وەربگریت

**کۆیلایەتی مۆدێرن تاوانێکی شاراوەو زیانبەخشە و لەوانەیە قوربانیەکانی ئەم تاوانە بەتایبەت تاکبکەونەوەو لەبەر چاو شاراوەبن لە کاتی بلاوبوونەوەی کۆڤید_١٩ . بەڵام یارمەتی و پاڵپشتی بەردەستە بۆ قوربانیانی کۆیلایەتی مۆدێرن.**

**یارمەتی و پاڵپشتی بەردەستە بۆ قوربانیان**

- **کەسانی پێگەیشتوو** دەتوانن دەستیان بە چەندین یارمەتی ڕابگات لە تەواوی بەریتانیا ئەگەر ڕەزامەندی بدەن ناویان بخرێتە میکانیزمی ئاراستەکردنی نیشتیمانییەوە.
- **منداڵان** لە ڕێگەی دەسەلاتی خۆجێیی (کاونسڵە)وە یارمەتی وەردەگرن. هەرمنداڵێك ئەگەری بوونە قوربانی هەبێت پێویستە دەستبەجێ بنێردرێت بۆ خزمەتگوزاری منداڵانی ناوچەکە و بنێردرێن بۆ میکانیزمی ئاراستەی نیشتیمانی کاتێك سەلامەتیان بۆ دابین دەکرێت.

ڕێبەری فەرمانی یاسای کۆیلایەتی مۆدێرنی ساڵی ٢٠١٥ زانیاری تەواوی تێدایە دەربارەی پاڵپشتیکردن و چۆنیەتی دەستڕاگەیشتن بە هاریکاری.

تەنها یەکەم دەزگا وەڵامدەرەوەکان دەتوانن قوربانیان بنێرن بۆ هاریکاری. یەکەم دەزگا وەڵامدەرەوەکان لە پۆلیس و کاونسڵ و دەزگای کۆچ و ڤیزای بەریتانی و دەسەلاتی سنوور و جێبەجێکردنی یاسای کۆچ و ڕێکخراوی دیاریکراوی ناحکومی دەگرێتەوە. **ئەگەر تۆ بەشێك نیت لە یەکەم دەزگای وەڵامدەرەوە، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ڕێکخراوێکی سەر بە یەکەم دەزگای وەڵامدەرەوە، وەك پۆلیس، یان ئەو بارکۆدە لێبدەیت بۆ لیستی تەواوی ڕێکخراوەکان.**

**نیشانەکانی کۆیلایەتی مۆدێرن بزانە**

دەستنیشانکردنی قوربانیانی کۆیلایەتی مۆدێرن کارێکی سەختە و لەوانەیە قوربانیان دودڵ بن و نەتوانن خۆیان بێنە پێشەوە. **بۆیە گرنگە ستافی بەرەی پێشەوە چاو بۆ نیشانەکانی کۆیلایەتی مۆدێرن بگێڕێت.**

**ئەو کەسەی ئەگەری بوون بە کۆیلەی مۆدێرنی هەیە لەوانەیە:**

- نیشانەی ئەوەیان تێدا بەدی بکرێت کە جوڵەیان لە ژێر کۆنترۆڵدا بێت
- ترس و دڵەڕاوکێیان پێوە دیاربێت
- کاتێك ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ دەکرێت ڕێگەبدەن کەسانی تر لەبری ئەوان قسەبکات
- بەدخۆراك و ئاڵۆزکاو دیاربن و برینی تیمارنەکراویان پێوەبێت
- پاسپۆرت و بەڵگەی سەفەری خۆیان لای خۆیان نەبێت، کەسانی تر بەڵگەنامەکانیان بۆ هەڵگرن
- پارەکانیان یان هەژمارە بانکیەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا نەبێت
- پێیانوابێت دەبێت پێچەوانەی ویستی خۆیان کاربکەن
- ڕووبەڕووی توندوتیژی بووبنەوە یان هەڕەشەی توندوتیژی لەسەر خۆیان یان ئەندامانی خێزانەکانیان و خۆشەویستانیان هەبێت

کەسێکت بینیووە کە ئەگەری هەبێت قوربانی کۆیلایەتی مۆدێرن بێت؟ پێویست ناکات دڵنیابیت لەوەی کە کۆیلایەتی مۆدێرن ڕوویداوە یان بە تەواوی لە جۆرەکانی و پێناسەکەی تێبگەیت بۆ ئەوەی بتوانیت ڕاپۆرت لە بارەی نیگەرانیەکانتەوە بدەیت. **ئەگەر گومانی کۆیلایەتی مۆدێرنت هەیە، پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە لە ڕێگەی ژمارە ١٠١ یان ژمارە ٩٩٩ ئەگەر مەترسی دەستبەجێ لە ئارادابێت. هێڵی نهێنی پارێزی هاریکاری سوپای ڕزگاری ٠٨٠٠٨٠٨٣٧٣٣ بیستوچوار کاتژمێر کراوەیە و ئامۆژگاری پێشکەش دەکات بۆ هاوکاری ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی کۆیلایەتی مۆدێرن دەبنەوە.**

**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆڤید_١٩ و کۆیلایەتی مۆدێرن بارکۆدەکە لێبدە یان سەردانی ئەم لیبکە بکە:**

https://www.gov.uk/government/publications/coronavirus-covid-19-support-for-victims-of-modern-slavery/coronavirus-covid-19-support-for-victims-of-modern-slavery